# ئاینده بۆ ڕێبازی مەنسور حیکمەتە!

**هاوڕێی ئازیز ئازەری ماجدی،**
**کەس و کاری (ژوبین)ی خۆشەویست،**
**هاوڕێ یانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئێران،**

**لێم قبولْ بکەن کە لە قولاْیی دلْ و دەروونمەوە نیگەرانی و نارەحەتی و هاوخەمی خۆمتان بۆ دەربڕم. ئەوە ڕاستی یەکی تالْ و سەختە کە ئێستا هاورێ مەنسور حیکمەت (ژوبین)ی ئازیز لە نێوماندا نابینین، ئیتر گوێمان لە ووتەکانی نابێت، ئیتر گوێمان لە پێکەنینە نەرمەکەی نابێت، گوێمان لە تووڕەیی یەکەی ئەو لە بەرانبەر کۆیلەیەتی ئەم کۆمەلْگایەدا نابێت، ئیتر نەفرەتی ئەو لە ژێردەستەیی ئینسان و ناعەدالەتی و مەزهەب لە زمانی خۆیەوە نابیستین، ئیتر لە خەباتی ڕۆژانەماندا بۆ ژێرە و ژوور کردنی ئەم دنیا پێچەوانەیە لە پالْماندا نی یە. بەلاْم ڕێبازی ئەو، ڕۆشنگەری ئەو، بیر تیژی ئەو، جۆر ی کار و هەلْسووڕانی ئەو، چالاکی ئەو لە بە هێز کردنی بزووتنەوە و حزبەکانی ئێمەدا، دایئەمۆی دوێنێ و ئێستا و سبەینێشمان ئەبێت.**

**لە ئێگاماندا بۆ بینینی دنیای ئاوەژووی سەرمایە و موسیبەتەکانی بۆ بەشەریەت، مەنسور حیکمەت ئەبینین. لە خەباتماندا بۆ بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و ئینسانیەت دانە دانەی ووتەکانی ژوبینی ئازیز لە زەینماندا ئەزرنگێتەوە. بۆ دەرهێنانی کۆمەلْگا لە چنگی جانەوەرە ڕەنگاوڕنگەکانی بورژوازی و گێڕانەوەی بۆ دەستی خاوەنان و بەرێوەبەرانی ئەسلْی خۆی، پێویستمان بە لێکدانەوە و جۆری خەباتی مارکسی ئەم سەردەمە، هاورێ مەنسورە. بۆ تێك و پێکدانی نیزامی کۆیلەیەتی کرێ و هاتنە دی دنیای "هەرکەس بە گوێرەی توانا و هەرکەس بە پێ ی پێداویستی خۆی" ، بۆ هەلْهاتنی خۆری خۆش بەختی و خۆش گوزەرانی، یەکسانی تەواو کاملْی ئێوائ ئینسانەکان و ئازادی ڕەها بۆ ئینسان، لە پالْ بنەماکانی مارکس دا، پێویستیمان بە نەخشەو بەرنامە ڕۆشن و ڕۆژانەکانی هاورێ مەنسوری ڕابەرمان هەیە.**

**ئێمە ئیتر لە کۆنگرە و پلینیۆم و کۆنفرانس و کۆبوونەوەکانماندا ژوبینی ئازیز بۆمان نادوێ، بەلاْم هەروەك چۆن هەمیشە پێی لەسەر ئەوە دائەگرت کە بۆ گۆڕینی ئەم دونیا گەورە و گرانە بە ئابووری و سیاسەت و یاسا و پۆلیس و زیندان و ئەشکەنجەکەیەوە، ئەبێ زۆرتر و چالاکتر بین لە پارێزەرانی ئەم نیزامە، هەر ئەمەش ئەبێتە تەوەجوهی هەمیشەیی کارەکانمان، ئێمە ناهێلْین دوژمنانی ئازادی و یەکسانی و ئینسانیەت دەستی ئاسوودە لە سەر دلْیان دابنێن. هاورێ مەنسور حیکمەت بۆ ئێمە ئیلهام بەخش و ڕێ نیشاندەرە و بۆ ئەوانیش گۆڕهەلْکەن. مارکس و ئەنگلْس و لینین و مەنسور ئەوەیان نیشان دا کە دەبێت مێژوویەکی تر بۆ بەشەریەت بنەخشێنرێت. وەك هاورێ مەنسور ئەیووت ئەبێت ئاینده هەر بۆ ئێمە بێت.**

***بژی مەنسور حیکمەت***

***بژی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ئێران***

***جمال محسن***

***٢٠٠٢/٧/١٠***